# یەکخستنەوە ونەخستنەوەی "ماڵی کورد"
# درۆیــــــەك بۆ میـــــــژوو
# هەوڵێك بۆ فریودان

حەمەغـەفور
mgafor@yahoo.com

مەسعودبەرزانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەسەلاحەدین لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان وکۆمەڵەی خویندکاران وهەردوو ڕێکخراوەکانی یەکێتی ژنان وئافرەتانی سەربە پارتی ویەکێتیدا دوو کۆبوونەوەی ئەنجامدا. لەو کۆبوونەوانەدا وبەتایبەت لەلایەن خوێندکارانەوە فەشەلی یەکخستنەوەی ئیدارەکانیان وەکو شکڵێك لەدەربڕینی بێزاری وناڕەزایەتی جەماوەریی بەرامبەر بەسەرجەمی وەعد وبەڵێنەکانی دیکەی پارتی ویەکێتی بۆ چاکسازی وپاکسازی ونەهێشتنی گەندەڵی درایەوە بەچاویاندا. هەرچەند بەرزانی نیازی بوو بەتیرێك دوو نیشانە بشکێنیٚ، بەوەی کەکۆکردنەوەی دوو ڕێکخراوی سەر بەهەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەسەلاحەدین ولەژێر چاودێری خۆیدا وەکو سەرۆکی هەرێم، بەمانای هەنگاوی نزیکبوونەوەی پارتی ویەکێتی بەخەڵکی کوردستان بفرۆشێتەوە ومنەتیان بەسەردابکات لەلایەکەوە، وەلەولای تریشەوە بەمەبەستی لەباربردنی بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە وناڕەزایەتی توندی خەڵك ولەپێشیانەوە کچان وکوڕانی لاوی کوردستان بەگشتی کەبووە هۆی تەحریمکردنێکی بەرچاویان لەگاڵتەجاڕی ڕاپرسی لەسەر دەستووری لکاندنەوەی دووبارەی کوردستان بەعێراقەوە لە15ئۆکتۆبەری ڕابردوودا، وەبەمکارەشیان ڕیسواییەکەی دیکەیان کردە نسیبی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەڵام بەرزانی بەچاوی خۆی بینی نەفرەت وناڕەزایەتیی لەبەرامبەر ووجود ودەسەڵات وگەندەڵی وڕاووڕووتی خۆیان وحیزبەکانیاندا تەنانەت لەڕیزی لاوان وخویندکارانی ناو ڕێکخراوەکانی سەربەخۆشیاندا شەپۆل ئەدات. بۆیە ناچاربوو دەسبداتە پیاهەڵدان بەسەر دەوری لاوان وتەبریر داتاشین بۆ دواکەوتنی درۆی مێژوویيان، یانی یەکگرتنەوەی ئیدارە ودەسەڵاتی پارتی ویەکێتی، واتا ئەوەی پێیدەڵێن "یەکخستنەوەی ماڵی کورد". گوایا فڕوفیشاڵی یەکخستنەوەی ئیدارەکانیان خواستی خەڵکییە وبەمزووانە لەگەڵ تاڵەبانی کۆدەبنەوە بۆ قسەوباس دەربارەی ئەم مەسەلەیە.

ئەوەبوو لەژێر گوشاری شەپۆلی ڕەخنە وتووڕەیی لاوانی کوڕ وکچی کوردستاندا لەدژی گەندەڵی ودەسەڵاتی میلیشیایی وڕاووڕووت ونەبوونی خزمەتگوزارییەکان وبازرگانیکردن بەپرۆسەی خویندن و..تد، کەلەڕاستیدا قسەی دڵی سەرجەم خەڵکی کوردستانیشە، نەك بردنەسەری قسەی بەرزانی بێت کەلەو کۆبوونەوانەی باسمکردن بەڵێنی دابوو بەڕێکخراوەکانی سەربەخۆیان، بەرزانی وتاڵەبانی ڕۆژی یەکشەممە 4-12-2005 لەشارۆچکەی پیرمام کۆبوونەوەی دووقۆڵییان ئەنجامدا. بەدوای کۆبوونەوەیاندا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەرییان سازکرد، لەووتەکانیاندا هەردووکیان ڕایانگەیاند کەمەسەلەی یەکگرتنەوەیان هەڵگرتووە بۆ دوای هەڵبژاردنی ئەمجارە، هەرچەندە ووتیان ئەوان لەسەر هەموو شتێك ڕێك وهاوهەڵوێستن. بەڵام گوایا بەوهۆیەوە کەمەسەلەی هەڵبژاردن لەپێشە وزۆر گرنگتریشە لەیەکگرتنەوە، بەدووقۆڵی سەدبارەیان کردەوە ودەسەودامێنی خەڵکی کوردستان بوونەوە بۆئەوەی کەبەشداری لەگاڵتەبازاڕی هەڵبژاردنی ئەمجارە هەموار بکەن.

بەرلە هەر شتێك پرسیارێك کەبەرەوڕووی بەرزانی وتاڵەبانی دەبێتەوە ئەمەیە،کە ئەگەر ڕاست دەکەن ئەوان لەسەر هەموو شتێك ڕێك وتەبان، ئەی مەسەلە چییە وا یەکخستنەوە ڕوونادات؟ ئەی جەنابیان هەر ئەم کۆبوونەوەیان بۆچی ئەنجامداوە؟ یاخود ئەگەر ئەم دوو هێزە عەشایەر ومیلیشیاییە بەموو لەناوەرۆکدا لەیەك نزیکبوونەتەوە، بۆچی تەلەفزیۆنەکانی هەردوولایان کاتێك کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی ویەکێتییان نیشاندا لەگەڵ حیزبەکانی ناو هاوپەیمانی کوردستان لەدوکان، هەر یەکەیان ووتەی سەرۆکی مەکتەبی سیاسییەکەی خۆی پیش لەهی حیزبەکەی تر لیٚ دەدایەوە؟ تەلەفزیۆنی یەکێتی لەپێشدا ووتەی کۆسرەت ڕەسولی لێدا، وبەپێچەوانەشەوە پارتی ووتەکەی فازیل میرانی پێشخست؟! وەڵامی ئەم پرسیارانە بەتەجروبە لای خەڵکی کوردستان ڕوونبوونەتەوە.

پێموانییە مەسەلەی یەکخستنەوەی دام ودەزگای دزی وتاڵان وبڕۆی ئەم دوو حیزبە عەشیرەییە خواستێکی خەڵکی بەشمەینەت وئازادیخوازی کوردستان بێت. خواستی بەمجۆرە ئەکریٚ لەڕیزی ڕووناکبیرانی ناڕازی وناحاڵیی ناو بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورددا خەوی پێوە ببینریٚ. خەڵکی کوردستان بەتەجروبەی دەیان ساڵیان بەئێسك وخوێنیانەوە زەجر وکوێرەوەرییان لەبوون ودەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە چەشتووە. چ ئەو ساتانەی کەڕێك وتەبا بوون، وەچ ئەو ساتەوەختانەی کەلەجەنگدا بوون. لەکاتی حکومەت وپەرلەمانە بەپەنبووەکەی ساڵی992یاندا خەڵکی شەریفی کوردستان نووقمی هەژاری وگرانی وبێکارییەکەی واکرابوون، کەدیاردەی دڵتەزێنی هەڕاجکردنی مناڵان لەناو چەقی شارەکانی کوردستاندا لەلایەن باوانیانەوە بەهۆی نەبوونی وگرانی وهەژارییەوە بەردەوام دەبینرا. دیاردەی فرۆشتنی پارچەکانی لەش وتەنانەت لەشفرۆشی برەوی سەندبوو. هەزاران کەس بۆ پەیداکردنی بژیوی ڕۆژانە بوونە قووربانی دەرهێنانی ئەلۆمنیۆمی ناو تۆپ وخومپارە. ژمارەیەکی ئیجگار زۆر لەمامۆستایان، کارمەندان، هونەرمەندان ولاوان ڕوویان کردبووە دەسفرۆشی وکاری ناشایستە بەمرۆڤ. دیاردەی کۆچکردن لەناو لاواندا لەژێرسایەی دەسەڵاتی هاوبەش وتەبای ئەم دوو حیزبە میلیشیایی وتینووە بەخوێنی یەکترەدا، ژیانی دوو نەوە لەلاوانی ئەم کۆمەڵگایەی مەحکومکرد بەپەڕینەوە بەسەر سنووری مینڕێژکراو وملدان بەخەتەری نقوومبوون لەئاوەکانی ئیجە ودەریای ناوەڕاستدا.

لەکاتی جەنگی کۆنەپەرستانەشیاندا، بەچاوی خۆمان بینیمان چۆن دەمارگیریی خێڵەکی وعەشیرەیی ئەم حیزبانە خەریکبوو دامێنی ژیانی هاوچەخ وئینسانیمان بشێوێنێت. وویستیان "گەلی کورد"دابەشکەن بەسەر سۆران وبادیناندا. جەنگی هەمەجی ومەغۆلییان لەبەرامبەر یەکتردا بەرپاکرد وگەورەترین سووکایەتی کردنیان بەئینسان وحورمەت وکەسایەتی کۆمەڵگا وبەشارستانییەت وبە"گەلی کورد"یش بەڕێخست. سووکایەتی بە ئێستا وبەئاییندەمان. وەلەسەر دەستی

سەرانی ئەم حیزبانەدا وبەفەرمانی ئەوان پیسترین جینۆساید وئەتکاریی وئەسیرکوشتنیان لەبەرامبەر یەکتردا پەیڕەوکرد. بەڵام خۆشبەختانە مەودای خۆشەویستیی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ژیانی شارستانی وعەشق بەژیانی هاوچەرخ وئەمڕۆژیی ڕێگاینەدا ئەم نەخشە وپیلانە گڵاوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەکوردستان جیٚ بکەوێت.

بەهەق ئەم حیزبانە غەریبن بەکۆمەڵگای کوردستان ولایەقی هیچ جۆرە دەسەڵات وئیدارەیەك نین. چونکە ئەوان لەسەر پەتێك یاری دەکەن پێچەوانەی ئاوات وئارەزووی خەڵکی کوردستانە. بەدوای کارەساتی خیڵی حەمەدا، خەڵك دژی تیرۆریستانی ئیسلامی ڕژانە شەقام وخوازیاری ڕیشەکێشکردنی سەرجەمی کۆنەپەرستی ئیسلامی بوون، کەچی ئەوان ئیسلامی ڕەسەن وناڕەسەنیان لیٚ درووسکردن وپارەوپوولیان بۆ هەڵڕشتن ولەدەسەڵات وئیدارەکانیاندا شەریکیان کردن. خەڵك خوازیاری ئازادی سیاسی ودەربڕین وناڕەزایەتی وخۆپیشاندانن، ئەوان بەچەك وەڵامی داواکاری جەماوەریان دایەوە. خەڵکی کوردستان بەگشتی داوایانکرد ڕیفراندۆمێکی ئازاد سازبکرێت بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان، بەڵام ئەوان خۆیان کردۆتە دەمڕاستی خەڵك وبەزۆری چەك ومیلیشیاکانیان کوردستان ئیلحاق دەکەنەوە بەعێراقەوە. خەڵکی تامەزرۆی ناسنامەی ئینسانی وهاوچەرخن، کەچی ئەوان سەرچاوەی داهات وسامانی کوردستان خەرجی داسەپاندنی ناسنامەی درۆیینەی قەومی وتائیفی وتەنانەت پارتی ویەکێتی بوون دەکەن. خەڵکی کوردستان وئەم حیزبانە دوو شتی جیاواز وناکۆك بەیەکترن. درەنگ یازوو ئەم ناکۆکییە دەبیٚ چارەسەر پەیدابکات.

یەکخستنەوە ونەخستنەوە، یەکڕیزی وچەند ڕیزی، جەنگ وتەبایی ئەم حیزبە میلشیاییانە پەیوەندی بەخەڵکی کوردستان وئاوات وئامانجیانەوە نییە. ئەم حیزبانە دوای 15ساڵ جیایی وسەربەخۆیی دیفاکتۆی کوردستان، دەستیان خستۆتە ناودەستی ئیسلامی سیاسییەوە لەپێناوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی-عوروبی لەعێراقدا، بەمەبەستی کورسی زیاتری دەسەڵات وبەشی زیاتر بۆ سەر داهاتی بەتاڵانبراوی کوردستان. بەزۆری چەك ومیلیشیاکانیان دڕندانە سەرکوتی خواستی خەڵکی کوردستان دەکەن بۆ سەربەخۆیی. تەنانەت جەلال تاڵەبانی ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پاشماوەکانی حیزبی بەعس ودارودەستەی سەر بەزەرقاوی وبنلادنیش هەر لەم پێناوەدا. بەڵام بۆ یەکجاریش گویٚ بۆ ئیرادە وخواستی خەڵکی کوردستان ناگرن. بزووتنەوەی کوردایەتی بەگوێرەی پێناسە بزووتنەوەیەك نییە ونەبووە بۆ کۆتاییهێنان بەزوڵمی قەومی ومەسەلەی کورد. کۆسپێکی سەرەکییە لەبەرپێی چارەسەری عادلانەی مەسەلەی کورددا. بزووتنەوەیەکە بۆ شەریکبوون لەدەسەڵاتی ناوەندا وبەس. لەم پێناوەشدا سڵ لەهیچ جۆرە مامەڵە وکلکایەتی وکردەوەیەکی چەپەڵ ودژی خەڵکی ناکاتەوە. مێژووی دوور ونزیکیان گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن. بەمپێیە یەکخستنەوە ونەخستنەوەی "ماڵی کوردیان" درۆیەکی گەورەیە بۆ مێژوو، لەهەمان کاتدا پڕوپووچێکی ڕەزیلانەیە بۆ فریودانی خەڵکی بەمەبەستی ئەوەی دەستیان بکەن بەزاخی هێنانەئارای دەوڵەتێکی ئیسلامی- قەومی-تائیفی لەعێراقدا. بەتەنها خودی ئەوەی کەچەندین ساڵە ئەم دوو حیزبە بەکەڵەك ودرۆ ودەلەسە خەڵکیان چاوبەسکردووە بەناوی یەکخستنی "ماڵی کورد"ەوە وتائێستاش هەر یەکەیان لەئاوازێك دەخوێنیٚ، بەسە بۆ ئەوەی کەتەپڵ وزەنا بۆ پەلکێشکردنی خەڵکی بۆ ناو گاڵتەجاڕی ئەمجارەشیان زیاتر لەوەی 15ئۆکتۆبەر تەحریم وڕیسوابکرێت. خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان وژیانێکی باشتر، وەلەپێناوی ڕاماڵینی گەندەڵی بەیەکجاری وکردنەوەی دەرگا بۆ بەگەڕکەوتنی ئیرادەی ئازادانەی خۆیان، دەبێت هەم ئەم گاڵتەبازاڕەی هەڵبژاردن پەکخەن، هەم دەبیٚ ئەم دوو حیزبە لەسەرکار دوورخەنەوە. بزووتنەوەی دژی گەندەڵی وناڕەزایەتی گشتی لەدژی دەسەڵات وتاڵان وبڕۆی ئەم حیزبانە بەکۆبوونەوە وخۆڕێکخستن لەدەوری خواستی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەو بەدیل وهێزەیە کەلەتوانایدایە ئەم هەلومەرجەی ئێستا کۆتایی پێبێنێت. هەم خواستی سەربەخۆیی جێبەجێبکات، وەهەم دەوڵەتێکی عەلمانی وغەیرە قەومی لەکوردستان دامەزرێنێت. مەرجی سەرەکی لەم ڕاستایەدا تووڕهەڵدانی وەهمی کوردایەتییە، وڕووهێنانە بۆ ئازادیخوازی وکۆمۆنیزمی کرێکاری.

6کانوونی یەکەم2005